www.kurdistannet.org
5-8-2003 1:09

# کامیان ئەسڵن :دەسەڵاتی خودا؟ یان پیرۆزی ئینسان؟ لەپێناو دونیایەکی ئازاد دا

جەمال کۆشش

( (لەپێناو تێگەیشتنی ئەسڵ لە تێهەڵچوونی نێوان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و بزووتنەوە ئیسلامیەکانی عیراق لە ناوەڕاستی مانگی 7بەدواوە) )

کەللە پووت ئەو کەس ولایەنانەن کە بەدونیای ئەمڕۆ نامۆن. نامۆن بەزانست و بەبەختەوەری و بەدەستکەوتەکانی ئینسان. کەللە پووت ئەو کەس ولایەنانەن کە ژیان و گوزەرانی ئینسانەکان بەپێی قانوون ویاساو داب ونەریت وداوکەوتووەکان لەقاڵب دەدەن و یاسای قەرەقووشی لەسیاسەت وکردەوەیاندا پەیڕەو دەکەن. کەللە پوت ئەو کەس ولایەنانەن کە بەئازادی، خۆشگوزەرانی، شادی ویەکسانی وئینسانیەت تووڕەن و بەلادان لەئاین و لەخواو لە عاداتی ڕەسەنی باوباپیران دادەنێن. بەڵام کەللە پووت کاتێك وەك حزب وبزووتنەوەیەکی سیاسی خۆی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان دەگونجێنێ یان بەزمانێکیتر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەشێوەی کەللە پووتەکاندا سیاسەت دەکات ئەو دەم دەبێتە دام ودەزگایەکی ئاراستەکەری بەرهەم هێنانەوەی ئەم ئایدیالە. کەللە پووت جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ کەللەسەرەکاندا نیە بەتایبەت ئەگەر پێوەری گەشەکردن محەکی هەڵسەنگاندنمان بێت. هێندە هەیە ئەم کاتێك دەبێتە هێزی سیاسی وچەندین کەللەپوت پلان دادەڕێژن چۆن کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بکەن و چۆن بنکەی دامەزراندنی نەهی ومونکرو مورشد دابمەزرێنن، ئەو دەم دەگەڕێنەوە سەر پیرۆزترین کتێبی خۆیان ولەوێوە سیستەم و کۆمەڵگا لێکدەدەن و ئایدۆلۆژیا بەرهەمدێنن. کارەسات دەستپێدەکات بەتایبەت ئەم کەس ولایەنانە دەتوانن تەعیر ونمایندەی بۆرژوازی کوێری ئیسلامی بکەن. لەباری فەلسەفیەوە کێ ئەسڵە لەم نێوەدا؟ ئینسان یان خودا؟ کامیان پیرۆزن ؟ لەخۆپیشاندانەکانی ئێراندا خەڵك هاواریەکرد ( (مەرگ بر خدا!!) ) ئەم شیعارە هەرچەندە خۆبەخۆ کەوتە نێو خۆپیشاندەرانەوە بەڵام قووڵترین تەعبیری فەلسەفی لە ڕەفزکردنەوەی دەسەڵاتی زاڵمانەی خوداو نوێنەرەکانی بوو لەسەر زەوی. ( (چی لە تۆگەورەتر هەیە، خوداکەتان بڕۆ مردن بۆ ئەویش !!) ) ئەمە پەیامی گەورەی خۆپیشاندەرانی ئێرانی بوو لەمانگی 7دا بەدەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەلای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوە، ئینسان ئەسڵە و پێویستە ئیرادە بۆ ئینسان بگەڕێنرێتەوە. ئیرادەی خۆی لەدەسەڵات بەسەر زیندەگی تاك وکۆمەڵ، ئیرادەی لەسەر ڕەفزو قەبووڵ، ئیرادەی لەسەر چاکە وخراپە. بەڵام هەندێك مەسەلەی گشتی هەن کە کۆی ئیرادەی هۆشیاری گشتی ئینسان بەخەباتی بەدەستی هێناوە، پێشکەوتنخوازی، یەکسانی ژن وپیاو، مافەکانی ئینسان وئازادی سیاسی و ماف وحورمەتی تاکی کۆمەڵگا. مافی بەشداری ڕاستەوخۆ بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان. . . . . . . . . هتد لە زیندەگی رۆژانەدا ئەم چەمکە سیاسیانە ببوونە سەنگەری واقعی ودەبوو لایەنەکان لەسەری شەڕ بکەن وتێهەڵچن ولەم ماوەیەشدا مۆرکی هەردوو لایەن بەکۆمەڵگای عیراقەوە دیاربوو.

بەرەیەك کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق نوێنەرایەتی سیاسی دەکات خۆی سەرچاوە لەژیانەوە دەگرێت بەمانای قووڵی ئەم ووشەیە. تاقمێك کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن باهەرچەندە بەچەك تفاقی عەسکەری وئینسانکوژیشەوە بێت کەللەسەر نوێنەرایەتی دەکەن. مەرگ نوێنەرایەتی دەکەن. بەرەیەك زانست وئایندەو ئازادی ویەکسانی وبەرەیەك مەرگ ونەزانین ودەسەلاتی تۆتالیتاریەتی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەسەدەکانی تاریکی ناسراون نوێنەرایەتی دەکەن. جێگای خۆیەتی لێرەدا پرسیارێك بکرێ: بۆچی ئەم هێزانە لەبنەڕەتدا پەیدا بوون لەکاتێکدا کە مێژووی واقعی دەبوو ماوەیەك بسڕدرێنەوە؟

هەلومەرجی کۆمەڵگای عیراق وجیهان فرسەتی گەشەکردنی پێداون: خودی سەرمایەداری بەتایبەت لەعیراقدا کۆمەکی جددیکردوون. سەرمایەداری لەعیراقدا هاوشانی گەشەکردنی علم وزانست و لانی کەم بەکالابوونی ئینسانیش نەبوو. بەڵکە بەتەواوی وەك کۆیلەو بەندەی خودامامەڵە لەگەڵ ئینساندا کراوە. خودی سەرمایەداریش لەعیراقدا هەمیشە پایەیەکی لەگەڵ ئیسلام تێکەڵ بووە. پاشان دەسەڵاتدارەتی سعودیە وئێران و کەلەماوانەدابەکرێگیراوانیان بەخۆیان وجعبەکانیان گەڕانەوە بۆ عیراق. پاشان خودی ڕووخانی حکومەتی صەددام لەڕێگای تۆپبارانی وەحشیانەی شارەکانەوە کە هیچ بوارێکی بۆ هاتنەناوەوەی خەڵك نەهێشتەوەو پرۆسەی ڕووخانی صەدام هاوتا نەبوو لەگەڵ بەرتەسکردنەوەی نفووزی بەعسیزم لەڕێگای بەگەڕخستنی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەرییەوە، وە تەنانەت بەرتەسککردنەوەی ئەو لایەنانەش کە بەدەپەنجە بۆ نەخشەو پلانەکانی ئەمەریکا مۆریان کردبوو. پێشتریش حەسارو حەملەی ئیمانی حزبی بەعس و هەموو ئەو دام ودەزگایانەی کە ڕەو ڕەو کەللە پوتی بەرهەم دەهێنا لە کوللیەی شەریعەو مزگەوتەکان تەکیەکانەوە. لەکۆماری ئیسلامی ئێرانەوەش هێزو پارەو جاسوس.

بۆرژوازی لەعیراقدا هەروەك بەتەعلیقی ئیکۆنۆمیست علمانیەکانی عیراق پشی پشی بۆ ئیسلامیەکان دەکەن و کۆمۆنیستەکان ئازاترین کەسانن کە ڕاستەوخۆلەبەرانبەرکێکەدا وەستاون.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، داستانی‌بوونی خۆی بەگۆڕینی ژیانی خەڵکەوە گرێداوە. حزبێکی سیاسی خەباتکارە لەدژی هێزی کۆنەپەرستەکان. وەك هەر حزبێکی کۆمۆنیستی واقعی ئامانجی ژێرە وژوورکردنی دونیای پڕچەوسانەوەی سەرمایەدارییە. حزبێکە ناتوانێ لەئاست ئەو بێمافیەئابووری وسیاسی کۆمەڵاتیانەی چینی کرێکار بێدەنگ بێ کە بۆرژوازی عیراقی بۆی خوڵقاندووە. ناتوانێ لەئاست ئەو نەزانین وتیرۆر وڕەشە کوژییە بێدەنگ بێت کە ئیسلامیەکان دەیهێننە ناو کۆمەڵگاوە بەزۆری چەقۆکێشان دەیانەوێ بیکەنە پەیڕەو. ناتوانێ لەئاست ئەو ناسیۆنالیستانە بێدەنگ بێت کە دەیانەوێ شەڕی قەومی نێوان عەرەب وکوردوتورکمان بەرپابکەن.

لەیەکێك لەم بەرەی شەڕانەدا لەشاری ناسریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەمپەر بەردەم نەخشە وپلانەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیەکان بوو، لەمپەر لەبەردەم تیزاب بەسەر ژناندا، حجاب پۆشی، بێکاری، هەڵوەشانەوەی قانوونەکانی بەعس، مافەکانی ئینسان، دەستکۆتاکردنی ئاین بەسەر ژیانی خەڵکەوە. گەڕانەوەی ئیرادەی خەڵك بۆ ژیانیان، سەردەرهێنانەوەی بەعس وبەعسیزم. پەیامی یەکسانی ژنان وپیاوان، ئازادی سیاسی بیقەیدوشەرت، ئازادی بیروڕا، . . . . ئەم حزبە کە لەمپەری بەردەم ئیسلامیەکانبوو، تەنها نەبوو لەم خەباتە بەڵکە پشتبەستووبوو بەناڕەزایەتی گەورەی جەماوەر ڕووبەم هێزانە، چاوەنواڕی خەڵك لەباشبوونی ژیانی، لەئاسایش وئارامی وئازادی وئینسانیەت. ئەم بەرەیە هیچ چاوەنواڕییەکیان لە لایەنەکانی تر نیە وخۆیان لەپاڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبیننەوە. ئەوان خەریکی مەجلسی حوکمی خۆیانن ودەیانەوێت لەحکومەتەکەی بریمەردا کورسیەکیان چنگ بکەوێت. ئەوە حزبی کۆمۆنیستە لەدژی ئەم سیناریۆ ڕەشە دەیەوێت دەروازەیەك ئاوەڵا بکات بۆ هەموان تیشکی بەختەوەری وئازادی بەدیبێت.

هۆکاری واقعی ئەم کێشمە کێشە محەلی نیە، هەرچەندە لەناسریەدا خۆیدەرخست، بەرەی ڕزگاریخوازی ئینسانی و بەرەی کۆنەپەرست وتیروریستی ئیسلامی سیاسی. لەسەر خودی ئەم کێشمەکێشە کە ئێستا تەنها گۆشەیەکی بچوکی بەدەرکەوتووە داهاتووی بزووتنەوە کۆمەلایەتی وسیاسیەکان دیاردەکات ودرەخششانی ئایندەی عیراقیش لە شکست کێشانی بەرەی خووداوتیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.